کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-7-2007 17:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کۆمەڵەی بەهرە

**ڕاگرتنی ئاریا، هەڕەشەیەکیتر بۆبەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان ... کۆمەڵەی بەهرە**

وەکو ئاشکرایە بۆهەموو لایەك، ڕۆمانی تەلەفزیۆنی (ئاریا) پاش ماوەیەك ڕاگرتن و دواخستنی دواجار لەڕێگەی کەناڵی ئاسمانی کوردساتەوە دەست بەپەخشکردنی کرا، بەڵام بەداخەوە دوای پەخشکردنی پێنج زنجیرە لەو بەرهەمە هونەرییە لەکاتێکدا کە لەماوەی چوار زنجیرە 106 جوڵەی لێقرتێنراوە، بەبۆنەی دەنگ هەڵبڕینی کۆمەڵێك مەلاوە بەیەکجاری ڕێگە لەپەخشکردنی گیرا، ئەمە لەکاتێکدایە دەسڵاتی کوردی بەدەیان شکڵ و شێوە لافی دیموکراتییەت و مۆدێرنەبوون لێدەدات.
ڕاگرتنی ئاریا کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر توانای هونەرمەندان دەبێت ئەویش بەوەی کەئیتر تاقەتی کارکردنیان نامێنێت، ئێمە وەکو کۆمەڵەی بەهرە بۆئەم مەبەستە نارەزایەتی خۆمان دەردەبڕین و جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە هەرچی زووە دەست بەپەخشکردنەوەی (ئاریا) بکرێتەوە.
بەم بۆنەیەوە بەپێویستی دەزانین لەڕێگەی (هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەو دیالۆگ) ەوە هەڵوێستی جدیمان هەبێت بەرامبەر بەلەقاڵبدانی ئازادییەکانمان، بەشداری کردنت لەم پرۆژەیەدا نیشانەی هەڵوەستەکردن و قبوڵ نەکردنی پیلانە چەواشەکارییەکانە.
کۆمەڵەی بەهرە دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ هەموو ئەو دەنگە ئازادیخوازانەی هەوڵ بۆبەرەو پێشبردنی بەهرەی بەهرەوەران دەدەن لەکۆمەڵگادا.

کۆمەڵەی بەهرە
2007/7/13

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.